

ئەفسانە سروش

ئەفسانە سروش: **پێویستە سەیری دەق بکرێت وەك خۆی، نەك ناوی گەورە**

ئەفسانە سروش، لەم چەند ساڵەی دواییدا توانییەتی جێی خۆی لەناو چەندان کەناڵی ڕاگەیاندندا بکاتەوە، بۆیە وەك کەسێکی ڕاگەیاندکار ناسراوە، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا خاتوو ئەفسانە سروش بەهۆی شیعرەکانییەوە کەبەر لە کاری ڕاگەیاندنیش دەینووسین، خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی. شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی خۆیەتی و بۆن و مەرامەی ئافرەتبوونیان لێ دێت. ئافرەتێك یاخی و هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ وشەکانی دەکات. "وشە" لە دەرفەتێکدا چەند پرسارێکی ئاراستە کرد.

دنیای خوێندنەوە و نووسینت چۆن بوو؟

خوێندنەوەم بۆ گەشەپێدانی هزر و ئاگەداربوونە لەدۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، نووسینیش وەك کافکا دەڵێت: بۆ چوونە دەرەوەیە لەڕیزی مردووەکان، بەگشتی من لەسەرەتایەکی ناکۆتادام، دەمەوێ خۆم خۆم بدۆزێتەوە و لەتەك خۆما هەنگاو بنێم.

بەشێوەیەکی گشتگیر عەشق بووەتە ئامرازێك بۆ کۆمەڵێك مەرامی تاك ڕەهەندی؟
بەواتایەکی تر هەمیشە شکستی تاکەکان دەبینین بەهۆی عەشقێکی نێرەمووکەوە، ئایا عەشقی تۆ چۆن کەوتووەتەوە؟

عیشق چەمکێکی گشتییە، عیشق وەك فرۆم پێیوایە هونەرە و هەموو کەس ناتوانێت پەی پێ ببات، هەموو تاکێك بوێریی ئەوەی نییە عاشق ببێت، عیشق بمانەوێ و نەمانەوێ ئامادەگییەکی ڕەهای هەیە لەناخدا، بەدرێژایی تەمەن لەگەڵمان دەژی، لێمان دانابڕێ.

بە ڕای تۆ گرفتی ڕەخنەی شیعری و ڕەخنەی ڕاگەیاندنی کوردی چییە؟

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی وەك پێویست نییە و ڕەخنە نەبووەتە کولتوورێکی نەرم و بنیاتنەرانە، بەڵکو ڕەخنەی شیعر و ڕەخنەی ڕاگەیاندن، ڕەخنەیەکە دوور لەهونەری ڕەخنەگرتنە، بۆیە ڕەخنەگرەکانمان لەپەنجەی دەست تێناپەڕن و وە شێواوییەك بەئەدەب و ڕاگەیاندنەوە دیارە. ڕەخنەگری جدی و ئەکادیمیمان نییە و ڕەخنەگرانمان نازانن لەسەر چ بنەمایەك ڕەخنە دەگرن؟ ئایا پشت بە کام میتۆدی ڕەخنەیی بەستراوە؟ ڕەخنە لە هەر بوارێکدا بێت، پێویستە ئەکادیمییانە و تەکنیکی ئەدەبی تیادا بێ.

تۆ وەك ئافرەتێك کە لە هەردووك بواردا کار دەکەیت، تووشی ئەو ڕەخنانە بوویتەوە؟

بەڵێ زۆریش، تووشی ئەو ڕەخنە بێ بنەمایانە بوومەتەوە، بەڵام گوێم پێ نەداون و کاری خۆم کردووە و بە کارەکانی خۆم و بەردەوامیم، وەڵامی ڕەخنەکانیانم داوەتەوە، ئێمە ئەگەر گوێ بەم قسە لەرزۆکانە بدەین، دەبێ لەجێی خۆمان بوەستین، دەبێ ژیان بووەستێ، بۆیە من ئەوە بەڕەخنە نازانم و بەسەرلێشێواوی و بێبنەمایی وەسفی دەکەم. ڕەخنە لەوە ڕەنگاوڕەنگتر و بەمەم بێ بنەماییە بووتری ڕەخنە.

ئایا شاعیرانی گەنج چی بکەن باشە بۆ ئەوەی زیاتر لەوەی هەن بوونی خۆیان بسەلمێنن؟

پێویستە دەنگی نوێ لەهەوڵی بەدەوامدا بێ، بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێ، نابێ لەوە بترسین ناوێك هات ئەوە تەواو، پێویستە سەیری دەق بکرێت وەك خۆی، نەك سەیری ناوی گەورە گەورە بکرێت.

ناوی گەورە زۆرجار هیچی بۆ وتن پێ نییە و خەریکی خۆ دووبارەکردنەوەیە و دواییش بەناوی ئەدەب وەك ژەهر دەرخواردی خوێنەری کوردزمانی دەدەن. خۆشبەختی نووسەری کوردزمان لەوەدایە، خوێنەری کورد لەزمانی کوردی زێتر زمانێکیتر نازانێ، ئەگەر وانەبوایە نووسەری کورد جورئەتی ئەوەی نەدەکرد ئەم هەموو ژەهرە بێ بنەمایە دەرخواردی خوێنەری کوردزمانی بدات.

تۆ هەم لە بواری راگەیاندن کار دەکەیت و هەمیش خاوەن قەڵەمێکی باشی هۆنینەوەی شیعری، ئایا ئەمانە پێکەوە تا چەند خزمەتی ناو و بەهرەی تۆیان کردووە؟

من لەهەردوو بواردا کارم کردووە و بەردەوامم، ئەوان بۆ من هەردووکیان تەواوکەری یەکن و پێکەوە ناوی منیان جوانتر کردووە، وەك چۆن شیعر پێویستی بە بوێری هەیە، راگەیاندنیش پێویستی بە بوێری هەیە، بۆیە شیعر و راگەیاندن لەمندا تەواوکاری یەکترین.

وشە/ هەولێر- هەورین نەجات